کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-3-2007 18:25 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نەوەی دوای ڕاپەڕین نەوەی بەدبەختییەکان ... ستیڤان شەمزینانی

چوار ڕۆژی تر (5 /3 /2007) شانزە ساڵی ڕەبەق وە بێ زیاد و کەم تێدەپەڕێت بەسەر یەکەمین بڵێسەی ئاگری بەتینی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شارۆچکەی ڕانیەوە.




وا چاوەڕوان دەکرا لەم ڕۆژەدا بەدواوە بەدبەختی و نەهامەتییەکانی مرۆڤی کورد لەم بەشە داگیر کراوە خێر لەخۆ نەدیوەدا بەگەنج و پیر و منداڵ و ژن و پیاوەوە کۆتایی پێبێت و سەردەمێکی پڕ پڕ لەکامەرانی و ئازادیی و ژیان دەست پێبکات.

واچاوەڕوان دەکرا دێوەزمەی جەنگی نەبڕاوەی خوێناویی و کارەسات و ماڵوێرانییەکان یەخەی مرۆڤی لەستەم داڕزاوی کورد بەربدەن و دەرگایەک و دەروازەیەکیش بکرێتەوە هەتا وەکو ئەم مرۆڤە کۆیلەکراوەی ژێر چەپۆکی ڕەشی داگیرکەر بتوانێت ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی وەک هەر مرۆڤێکی تر ژیانێکی نۆرماڵ و دوور لە سانسۆرکردن و مەترسییەکان بباتە سەر.

ئەم ئاواتانە نەهاتنەدی و هەروەک خەونێك مانەوە، بەڵکو ئەوەی لەژێر چنگی دەسەڵاتی خۆماڵیدا ڕوویدا لەشەڕی ناوخۆ و گرانی و بێ خزمەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سانسۆرکردنی ئازادییەکان هیچی کەمتر نەبوو لەهەموو ئەو سیناریۆ ڕەشانەی لەسەردەمی بەعسدا ئەدا دەکران.

گەنجی دوای ڕاپەڕین نەیتوانی لەو دنیایەی لەپێشتردا لەخەون و فەنتازییەکانیدا بیری لێکردبووەوە، ئاهێکی تێر لەشادیی هەڵبکێشێ، بگرە گرفتار بوو بەدەیان کێشەی لابەلاو ناماقووڵەوە کە سەر لەبەری ژیانی کرد بە سوتماك و کۆیزووخاڵ.

ئەم نەوەیە لە کوڵ جەنگی کاولکارانەی عێراق – ئێران بووەوە بۆ شەڕی هەمەڕۆژی حیزبەکانی کورد، لە فیراریی و خۆشاردنەوەی ژێرزەمین قوتاری بوو بۆ خۆشاردنەوەی سەرسنووره قاچاغەکانی ڕێی هات و نەهاتی هەندەران، ئەو لە کۆچ بۆ شاخ و گوندەکان ڕزگاری بوو، بەڵام هەموو خەونەکانی و هەموو ئاواتەکانی لەڕێگە تاریکە بەمین چێنراوەکانی سەفەر و شەوە نوتەکەکانی قەراغ دەریای ئیجە ون کرد. ئەم گەنجە نەك سەرچاوەی ژیانی ڕوون نەبوو، بەڵکو سەرتاپای بوونی لەئازار و نەخۆشی و خەمۆکی هەڵکێشرا، ئەو لەئاوی نەگبەتی و ژان چەشتندا تەعمیدکرا.

لەڕووی ئابوورییشەوە ئەم نەوەیە، جیلێکی گیرفان خاڵی و بێکار و سەرگەردان بوو، هەلی کار لەبەردەمیدا گەلەك ئاستەم و پڕ ئاستەنگ بوو، هەندەران لەبارترین و شیاوترین جێگەی کاربوو. بۆیە ئەم گەنجە وەك ڕیشۆڵە گەرمیان و کوێستانی دەکرد، ڕۆژێك لەئێران کارگەر بوو بەشیلەی گیانی چەند تومەنێکی پەیدا دەکرد بۆ سبەی لەوڵاتە کاولەکەیدا دەیدا بەئارد و شەکر و ڕۆن.

ئەم نەوەیە غەرقی بێ ئومێدیی و ڕەشبینییەکی ترسناك ببوو، هیچ شتێك لەلای ئەو بەهای نەمابوو، هەنگوین لەدەمیدا تاڵ بوو، نیشتمانەکەی لێ ببووە زیندانێکی گەورەو زۆر ناڕەحەت، ژیانی لێ ببووە مۆتەکە و لەگەردنی نەدەبووەوە، تروهاتی بەهەموو پیرۆزییەکان دەهات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەقەناعەتێكدا بوو هەروەك بیرمەندی وجودی (ئەلبێركامۆ) بەدەنگی بڵند دەیووت"جوتێك پێڵاو لەشكسپیر بەكەڵكترەو پارچە پەنیرێكیش لە پۆشكین باشترە"!!.

ئاخر هەموو كتێب و مەعریفەی دونیا بەو چی؟ ئەو كەنانی نەبێت بیخوات كوا دەتوانێت ئاگای لەوە بێت چی لەو جیهانەی دەوروبەریدا ڕوودەدات؟ ئەو كە هەموو ژیانی بریتی بووبێت لە ڕاكردن بەدوای پاروە نانێكدا، ئیدی لەكوێ دەتوانێت خۆی تەرخان بكات بۆ خوێندن؟ هەر بۆیەكا زۆربەی زۆری گەنجانی دەیەی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو وازیان لەخوێندن هێنا و ڕوویان كردە قوتابخانەكانی ژیان تاوەكو فێرببن نان چۆن پەیدا دەكرێت و چۆن لەقوڕگی شێردا دەردەهێنرێت؟ ئەوانەی لەكاتی ڕاپەڕیندا گەنج بوون و هەتا ئەوانەشی هەنووكە لەتەمەنی گەنجیدان، لەژێر سێبەری حكومەتە شەق و شڕەكەی كورددا هیچ خۆشی و چاكەكەیان دروێنە نەكرد، لەگێژاو و مەعمەعەی دوو حیزبەكەدا بوونەتە قەلەندەرێكی زۆر گوناه كەهەر شایەنی بەزەیی پیا هاتنەوەو دڵ پێسووتانن.

گەر كەمێك بە وردیی بڕوانین ئەو منداڵەی لەڕۆژی ڕاپەڕینەكەدا (1991/3/5) لەدایكبووە، ئێستا ئەو منداڵە كوڕ یان كچێكی هەرزەكارەو لەهەڕەتی لاویدایە، سەرنجەكە لێرەدایە ئەم گەنجە كە نە مولازم موحسین و ئەسوەد دەناسێ، نە تەوارییەكان مۆڕەیان لێكردووە، نە ئەمنە سوورەكە دەناسێ، نەدەزانێ حەتین و مونەزەمە چییە، نە دەزانێ مەجلیسی قیادەی سەورە چییە، نە لەچینی یادەوەریدا مەنعەتەجەول تۆمار كراوە، نە شەق و زللەی ڕەفیق حیزبی و پۆلیسی بەعسی خواردووە، ئایا چۆن چۆنی دەژی؟ ئایا بوونەوەرێكە لەگەڵ شادیدا هاوڕێیە؟ ئایا خەیاڵەكانی بۆ ژیان هاتۆتە دی؟ ئایا حەز و خۆزگەكانی جێبەجێ كراوە؟ ئایا ئەم گەنجەش هەر نەگبەتی بەرینەداوە، شەو تابەیانی كارەبای نییە، لە قوتابخانە و زانكۆدا بێماناو سەقەتترین میتۆدی خوێندن دەخوێنێت، ئەگەر سبەینێ بووە زاوا بۆ دەستكەوتنی خانوویەكی كرێ هەرشێت دەبێت، هەر لەئێستاوە پاشەڕۆژ و نەهامەتییەكانی ناوی زراوی بردووە، ئەم نەوەیە هەیەتی و نیەتی پاركێكی تەنراوە بە پۆلیس و ڕەقیبی توڕەو نەریتپارێز، نەوەیەكە هیچی كەمتر نییە لە هەموو ئەو نەوانەی تری بەعس هاڕیبوونی و دەسەڵاتی كوردی كردبوونی بەپەنگی زەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم نەوەیە هۆشیار و یاخی بێت و تەڵسیمەكان تێكبشكێنێت، زۆر لەوە بوێر و چاوكراوەتر بێت وەك دەسەڵاتی سیاسی دركی دەكات، نابێ ملكەچ بێت و شانبەشانی مێگەل ڕێ تەی بكات، نابێت دەستەوەستان دابنیشێت، نابێت خەواڵو ترسنۆك بێت،

نووسەری كۆچكردووی یۆگسلافی دانیلۆكیش (1935 -1989) دەڵێت"لەچارنووسی خۆت ڕازی مەبە تەنیا گێلەكان ڕازین".

نەوەی نوێ بۆ ئەوەی بەگێلێتی خۆی ڕاژە بەهێشتنەوەی نەهامەتییەكانی ژیانی مرۆڤی كورد نەكات لەپێش هەر شتێكدا دەبێت ناڕازی بێت و ڕێگە نەدات دەستەمۆ بكرێت.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.